# ئایا یەکگرتوی ئیسلامی تەنها لە ڕاگەیاندنا شێوازی توند تیژی بلأو دەکاتەوە؟!

**( سەرنجێک لەسەر ململانی نێوان پارتی و یەکگرتوی ئیسلامی )**

**( موزەفەر عبداللە)**
Mozafar_as@yahoo.com

ڕواڵەتی ململانێکە وا دیارە کە لە ئاکامی ڕایەک کە بەڕێز سەرۆ قادر لە بەرنامەی چاوی سێیەمی کوردسات، کە وتویتی: ڕاگەیاندنی یەکگرتوی ئیسلامی لە کوردستان شێواز و ڕێبازی توندو تیژی بلأو دەکاتەوە و ئەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی دیکە بۆ تیرۆر.

سەلاحەدین بەهادینی ئەمینداری گشتی یەکگرتوش کێچ کەوتە کەوڵی یەوەو یەکسەر دەرگای دادگای لە سەرۆ گرتوە لە بەرامبەر ئەم ڕایە سادەو بەڵگە نەویستەدا.پاشان سەرۆ قادریش بە مەبەستی بەرگری لە خۆی و بۆ سەلماندنی ڕایەکەی لە دادگا، کەوتوتە بەڵگە کۆکردنەوە. یەکێکیش لە بەڵگەنامەکانی سەرۆ لە بەرانبەر سەلاحەدین ، تیرۆری شاپور عبدالقادرو قابیل عادلە کە دوو کادری ڕابەری بەرجەستەی حزبی ئیمەو دوو ڕابەری ناسراوو خۆشەویستی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیش بە گشتی و ئاوارەکانی کوردستان بە تایبەتی، بوون .بەلأم دواتر ئەو ئەمینەدارە هەستی کردوە شتی ژێر بەڕە هەموی دێتە سەر بەڕەو دۆو دۆشاویان بەسەر یەکتردا تیکەڵ دەبێت بۆیە بە خشپە داواکای خۆی لە دادگا کێشاوەتەوە.

هەروەک لە ووشەی یەکەمی سەرەتای ڕستەکەدا ئاماژەمان پێدا کە ئەم ململانێ یە بە ڕواڵەت وا دیارە تەنها لە ئاکامی ئەو ڕایەی سەرۆ قادرەوەیەو کێشەکە لە نێوان ئەو دوانەدایە وەک دوو بەرپرسی دوو حزبی ئیسلامی و قومی لە کوردستان .بەلأم لە واقعدا لە پشتی ئەم ململانێ یە کۆمەڵێ ڕاستی هەیەو پێویست بە ڕوون کردنەوە دەکات . ئەویش ئەوەیە بۆ لەم هەلومەرجەدا هەم سەرۆ قادر دەیەوێ حزبەکەی ئەوەندە سەر سەخت بە دژە تیرۆر نیشان بدا و هەم کاکی ئەمیندار دەیەوێ شانی خۆی لە تیرۆر خاڵی بکاتەوە.وە دەیەوێ لەسەر ئەو ڕایە سادەو بەڵگە نەویستە ڕێگای دادگا لە سەرۆ قادر بگرێت .

لێرەدا وا پێویست دەکات کە ئەو ڕاستیانەی لە پشتی ئەو ململانی یە دان بە چەند خاڵێک بە کورتی ڕۆشن بکەینەوە:

یەکەمین شتێک کە لای هەر خوێنەرو کەسێکی بە ئاگا لەم ململانێ یە ، پرسیار دەورژێنی ئەوەیە، کە ئاخۆ ئەم ململانێ یە تەنها لە ئاکامی ئەو ڕایە سادەو بەڵگە نەویستەدایە کە سەرۆ قادر داویەتی لەسەر یەکگرتو، یان ئاخۆ ئاکام و کارکردی ئەو شەڕی دەسەلأتەیە کە ئەمرۆ دوای خۆهەڵبژرادنی یەکگرتو بە لیستی جیا لە یەکێتی و پارتی لە هەڵبژاردنەکانی عێراق هاتە پێشەوە.

پارتی وە یەکیتیش وەک دوو حزبی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، لەبەر ڕۆشنایی سیاسەت و کردەوە دوو فاقەیی یەکانی ئەمریکا، هەمیشە لە خزمەتی بزوتنەوە ئیسلامی یەکانی هاوچینیان بوونە تا ئەو جێگەیەی ئەم بزوتنەوە ئیسلامیانە لەگەڵ ئەم حزبە قومیانە نەکەوتبنە بۆر بۆڕینی دەسەلأتی سیاسیەوە.

دیارە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و هاتنە ئاراوەی بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەلأیەتی تازە، جەمسەر بەندی تازەش هاتە پێشەوە. ئەمەش وای کرد بزوتنەوە ئیسلامی یەکان بە گشتی و یەکگرتو بە تایبەتی زیاتر لە سۆراغی سیاسەتەکانی خۆیاندا بن .هەر بۆیە هەر لەگەڵ ئەوەی یەکگرتو کەوتە خۆ بۆ خۆ کاندید کردن بۆ هەڵبژاردنەکان لە ئاستی عێراق و کوردستان، ئیتر هەم پارتی و هەم یەکیتی کەوتە کەوتنە خۆیان لەسەر ئەم سیاسەتەی یەکگرتوو. وە ئاکامەکەی ئەوە بوو کە بە دەسیسەی پارتی لە دهۆک ڕۆژی 6-12-05 کۆمەڵێ خەڵکی، بە قەولی خۆیان ئاژاوەگێر، هەڵیان کوتایە سەر بارەگای یەکگرتو سەرەرای ئاگرتیبەردان و تالأن

کردنی  بارەگاکە، هاوکات لە یەکگرتویان کوشت و بریندار کرد .هەر لە ئاکامی ئەم کیشەیەدا یەکگرتو لەم دوایە دەرگای دادگایان کردەوەو بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانییان داوای 6 ملیۆ دۆلارییان لە پارتی کردوە.ئیشتاش دوای ئەم بەزمەی نێوانیان هەردوو لا خەریکی بۆر بۆرینن ، بەڵام بە حیسابی خۆیان لە ژێر سایەی یاسادا .

خاڵی دووەم: ئەو هەقیقەتەیە کە ئێستا سەرۆ قادر زۆر بە ئەمما و ئەگەرو موحافەزە کارانەوە لەسەر یەکگرتوی ئیسلامی دەیڵێت کە یەکگرتو تەنها لە ڕاگەیاندنیا پروپاگەندە بۆ توندو تیژی دەکات وە بە ووتەی ئەو ئەمەشیان دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ توندو تیژی .

لە راستی دا ئەمرۆ لە بەرانبەر ئەم قسانەی سەرۆ قادرا بەهەر کەسیکی ئازادیخواز و پیشکەوتنخواز لە کوردستان ببرسی پیت دەڵێت کە چۆن یەکگرتۆی ئیسلامی و هاوشێوەکانی لە هەموو جهان گەراو ڤایرۆسی بناغەیین لە دیاردەی تیرۆریزمی ئیسلامی .

ئوسامە بن لادنی یەکان و زواهریەکان و زەرقاویەکان و مەلا کرێکارەکان تەنانە علی باپیرەکانیش کە ئەندامی پەرلەمانەکەی پارتی و یەکیتین لە راستیدا پەروەردەی فەرهەنگی بەرزی ئەو سەلاحەدینان کە ئەمرۆ  پارتی و یەکێتی بە لێشاو پارەیان بۆ هەڵ دەرێژن و بە ناوی ئیسلامی میانەرەو تاریفیان دەکەن و دەست لە ملیان دەکەن. وە دڵتان بەوە خۆشە کە ئەوانە لە کۆبونەوەی پارلەمان لە جیانی جوبەو عەمامەو عەباو کەوش، قابوت و قەرەوێت و قۆنەدەرەی سبوخ کراوی ئیتالی لەبەر دەکەن و سەرو ڕیشیان ڕێک دەکەون شانە دەکەن و لە جیاتی دار سیواک فلچەو مەعجون بۆ دان شوتن بەکار دێنن . جار جاریش باسی زوڵمی نەتەوەیی دەکەن و لە کاتی خۆیندنی ئەی رەقیب لە پەرلەمانیش هەڵدەستنە سەر پێ.

دیارە ئەم رایەی من کە ئێستا بە توانجەوە لەسەر ئەم ئیسلامیانەی جۆری یەکگرتو دەیڵیم وەک ووتم بە زیادەوە ڕای هەر کەسێکی ئازادیخوازی کوردستانە.چونکە ئەم حزبە ئیسلامیانە هەمووی زادەی یەک بزوتنەوەی گشتییە لەم سەردەمە کە بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسیە.وە ئەم بزوتنەوەیەش بە پێی پێویست لەهەر بارودۆخیکدا خۆی دەگۆڕی.و وەک مار کاژێک فڕێ دەدات و کاژێکی تر دەدات بە خۆییدا.بە ڕاستی ئەوە حزبە بەناو عەلمانی و سۆسیال دیموکراتەکانی وەک پارتی و یەکیتین لە بەرانبەر خەڵکی ئازادیخواز کۆمەکیان پێ دەکەن چونکەلە زۆر برگەدا هاوسیاسەتن .

ئەمرۆ لە کوردستاندا سەدان نمونە هەن کە چۆن هەر کاتێک هەرکەسێک وتبێتی یەکگرتو بەری چاوت کلی پێوەیە کەوتونەتە گەورەترین حەملە پیی. یان هەر کەسێکی ڕۆشنبیر و عەلمانی و کۆمۆنیست رەخنەیەکی لە بیروبارەرو شتە پیرۆزەکانی ئەمانە گرتبێ چۆن بڵند گۆی مزکەتەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیان و ئێوەشیان کردۆتە باشترین چەک لە دژی ئەو کەسانە.

کێ هە یە نەزانێ ئەم یەکگرتووە میانەرەوە لە بەرانبەر پەرتوکەکەی مەریوان هەڵبجەیی بە بەر چاوی ئێوەوە چی کرد و چۆن خەڵکیان هان دەدا بۆ تیرۆر کردنی.کێ هەیە نەزانێ چۆن ئەمانە تەنانەت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکومەتەکەی هەردو لاتان کەوتنە تەخشان و پەخشای کردنی هەڕەشەی تیرۆر .

باشترین نمونەی زیندو تیرۆری شاپور و قابیل بوو کە بە ئاشکرا لەسەر زاری مەلا بەشیری تاوانبارەوە لە خوتەبەی ڕۆژی هەینی نزیک پەرلەمانەکەی ئێوە بە ئاشکرا بانگەوازی کوشتنیان دەکرد و لە هەموو دەزگاکانی یەکگرتوە چەندین جار پەخشیان کرد.

پرسیار ئەوەیە ئەی ئەو کات بۆ گۆیی مەلا بشیرو بەرپرسانی یەکگرتوتان نەگرت و نەتان دان بە دادگا . وە بە بەرچاوی ئێوەوە ئەوانەیان تیرۆر کردو  ئیوەش لە جیاتی ئەوەی ئەو تاوانبارانە زیندان کەن تەنانەت

موعەزەزەن موکورڕەمەن تا ئیستا وەک گوڵ پاراستوتانن .بەڵام ئیستاش بۆ بەرژوەند و بەرگری لە خۆتان بۆ ئەوەی وا خۆتان بشان بدەن کە دژی تیرۆرن ئیستا کەیسی شاپورو قابلیتان هێناوەتە ئاراوە.بەڵام ئیستاش وەک دەڵین، نەچوە بچیت ،ئەوە عەرزو ئەوە گەز، ئەگەر زەڕڕەیەک عەدالەتخوازیتان تیایە فەرمون لانی کەم مەلا بەشیرو سەلاحەدین بەهادین بدەنە دادگا و بە سزایان بگەیەنن .

ڕاستی ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی لەم چەند ساڵەی دەسەڵاتیان نەک هەر دژی تیرۆری ئەم ئیسلامیانە نەبوونە بەڵکو کۆمەکی جدیشیان کردون و زۆر ئامرازیان خۆستۆتە خزمەتیانەوە.مەگەر کێ هەیە لە کوردستان نەزانێ ساڵی 1996 لەسەر نوسینێکی ڕێبوار ئەحمەد سکرتیری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کە ڕەخنەیەکی ڕیشەی بوو لەسەر ئەم ئیسلامیانە ،بەڵام لە جیاتی وەڵامی سیاسی بە ڕێبوار ئەحمەد ،ئەدهەم بارزانی میانەڕەوی ئێوە 200 هەزار دیناری کرد بە بەخشیش بۆ هەر کەسێک کە بیکوژێ و ئێوەش و یەکیتیش نەک هەر نوزەیان لیوە نەهات بەڵکو دەست خۆشانەتان لێ کرد. یەکسەر وەک پاداشتێک بۆ ئەو هەرەشەیە ڕۆژنامەی بۆ پێشەوەتان داخست و کەوتنە بەرگری کردن لە ئیسلامی کان و بڕ و بیانو هێنانەوە بۆ بەرهەقی هەڕەشەکانیان .

دیارە دەکرێ دەیان نمونەی لەم جۆرانە بژمێرین بۆ ئەوەی کە بە ڕاستی ئێوە تەنها بە ڕواڵەت لە دژی تیرۆری ئەم دەستەو تاقمە بەکرێ گیراوە ئیسلامیانەن .

هەڵبەت ئەوەش ڕۆشنە کە ئێوە نەک هەر یارمەتی ئەم ئیسلامیانەتان داوە بۆ تیرۆر بەڵکو زۆر جار خۆشتان موخالفینی خۆتان تیرۆر کردوە. لەم چەند ساڵە لە کوردستان نمونەی لەم جۆرە زۆرن کە لە ئەرشیفی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جهان دا لە پێشەوەیان ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی پارێزراون.

لە کۆتایی دا ئەوە بڵێین، ئەگەر هەر لایەنێک دەیەوێ تیرۆریزم لە ڕیشەوە بکێشێتەوە پێویستە بە شوێن پۆلین کردنی بزوتنەوە ئیسلامی یەکانەوە نەبیت بۆ توندڕەو میانەڕەوو چی و چی .بەڵکو پێوستە پیش هەر شتێک ئەم جۆرە حزبانە کە بە هەر شێوەیەک لە کارو بەرنامەیان هەر جۆرێک لە توندو تیژی هەیە قەدە بکرێت نەک کۆمەکیان پێ بکرێت . ئەمە جگە لەوەی جیایی دین لە دەوڵەت و خوێندن و فێر کردن و بە رەسمی ناسینی ئازادی بێ قەیدی شەرتی سیاسی و بەیان و رەخنەو عەقیدە و...هەموو مافە سەرەتایی یەکانی خەڵک باشترین ئامرازن بۆ لە ڕیشە دەرکیشانی تیرۆریزمی ئیسلامی. چونکە هەتا کۆمەڵگا کراوەترو ئازادتر بێت لە هەموو ڕویەکەوە زیاتر ڕیشەی توندو تیژی بە هەموو شێوەکانی یەوە ڕیشە کێش دەکریت .هەڵبەت تیرۆریزمیش، بە تایبەتی تیرۆریزمی ئیسلامی ، باڵاترین شێوەی توندو تیژی یە کە بۆ ئامانجی سیاسی پەیڕەو دەکرێت .

**2006-7-7**